# زمانی کوردی و چەند نیگەرانییەک، ئەلفبێ ...

فەهمی کاکەیی
fahmikakaee@yahoo.se

لەو ماوەیەی دواییدا لە لایەن کەسانی غەیرەکوردەوە زۆر باسی ئەوە دەکرێت کە کوردەکان دەیانەوێت دەستبەرداری ئەلفبێی عەرەبی ببن و لە جیاتی ئەوە بە ئەلفبێی لاتینی بنووسن و ئەمەش هەنگاوێکە بۆ جیابوونەوە و تەلاقدانی کولتووری عەرەبی و ئیسلامی.

هەروەها ئێمە بە خۆشمان وەک کورد باسی ئەوەمان کردووە و دەیکەین کە ئەلفبێی لاتینی گونجاوترە بۆ زمانی کوردی وەک لە ئەلفبێی کوردی (کە بە هەڵە بە عەرەبی ناوی دەبرێت). لە ڕاستیدا ئەم ئەلفبێیە عەرەبی نییە و لە بنەڕەتدا ئارامی ـ فینیقییە و جگە لە عەرەب زۆر لە میللەتانی تریش بەکاری دەهێنن. کاتێ عەرەب دەستیان بە نووسین کرد بەم ئەلفبێیە جارێ نە سەروبۆری لەگەڵدا بوو نە نوختەی پێوە بوو، پاشان بۆ گونجاندنی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا کەسێک بە ناوی (ئەبوو ئەسوەد ئەلدوئەلی) دانەری عیلمی نەحو سەروبۆری بۆ دانا، پاشانیش بۆ ئەوەی قورئانی بە دروستی پێ بخوێنرێتەوە (خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی) نوختەی بۆ پیتەکان زیاد کرد (هەندێک دەڵێن نەسری کوڕی عاسم) ئەو کارەی کرد. هەرچەندە ئەمە باسی ئێمە نییە، بەڵام مەبەست ئەوەیە عەرەبەکان ئەو ئەلفبێیەیان هێناوە و لەگەڵ زمانی عەرەبی گونجاندوویانە.

هەر بۆیە دەبینین میللەتانی دیکەش ئەلفبێیەکەیان لە عەرەبان وەرگرتووە و لەگەڵ زمانەکەی خۆیاندا گونجاندوویانە. ئێستا چەندین زمان بەو ئەلفبێیە دەنووسرێت وەک: فارسی، کوردی، کەشمیری، ئۆردو، پشتوونی، تاجیکی، تورکستانی و چەندین زمانی دیکەش، هیچ کام لەو میللەتانەش ناڵێن ئێمە بە ئەلفبێی عەرەبی دەنووسین، هەر بۆ نموونە فارسەکان پێی دەڵێن ئەلفبێی فارسی، بە هەمان شێوە بۆ ئێمەش ئەو ئەلفبێیە کوردییە نەک عەرەبی. بەڵام لەبەر ئەوەی ئاشنایەتیی کورد بەو ئەلفبێیە بە هاتنی ئیسلام دەستی پێ کرد بۆیە هەندێک لە کوردەکان پێی دەڵێن حەرفی موحەممەدی، لە ڕاستیدا ئەوان پێیان وایە هەر دەقێک بەو پیتانە نووسرابێت قورئانە*

مێژووی بەکارهێنانی ئەم ئەلفبێیە لە لایەن کوردەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ چوارینەکانی باوە تایەری هەمەدانی کە ساڵێ 2010 هەزارەی کۆچکردنیەتی، لە ڕاستیدا مێژووی ئەدەبی کوردی 300 ساڵێک لەوەش کۆنترە و بە سەرهەڵدانی کوردەکانی لوڕستان و بڵاوبوونەوەی فەلسەفە سەرەتاییەکانی ئایینی یارستان بە زاراوەی هەورامی دەست پێ دەکات، بەڵام هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە بیسەلمێنێت کە بالوولی دانا و هاوڕێکانی کە لە ڕابەرانی ئەو سەرهەڵدانە بوون شێعرە ئایینییەکانی خۆیان خستبێتە سەر کاغەز، گومان زیاترە کە ئەو شیعرانە سینە بە سینە (بە لەبەرکراوی) گەیشتبنە دەستی ئێمە. ئەوەی لیی دڵنیام ئێستاش ئەو شیعرانە بە ڕێنووسی کۆن دەنووسرێنەوە کە ئەلفبێیەکەی 3 بزوێنی تێدایە نەک بەم ڕێنووس و ئەلفبێیە نوێیە کە 8 بزوێنی هەیە.

گوتمان کورد یەکێکی لەو میللەتانەی کە لە عەرەبەکانەوە ئەلفبێیەکەی وەرگرتووە و گونجاندوویەتی لەگەل زمانەکەی خۆیدا، بەڵام لە ڕاستیدا کورد لە کۆی 28 پیتی عەرەبی 6 پیتی لابردووە کە بە کەڵکی زمانی کوردی نەهاتوون، لە جیاتی ئەوانە 13 پیتی بۆ زیاد کردوون، ئەوانەش جگە لە هەمزەی سەر کورسی (ئـ) کە عەرەبیش بەکاری دەهێنن و بە پیت نایژمێرن، ئەمانەن:

پ، چ، ڕ، ژ، ڤ، گ، ڵ، ە، ۆ، وو، ێ، وێ

بەم شێوەیە دەبینین ئەلفبێی کوردی وا ڕیز کراوە:

ئـ، ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ، ە، و، ۆ، وو، ی، ێ، وێ

گرفتەکانی ئەلفبێی کوردی:

1- دەنگی وێ، کە لە دوو پیتی (و،ێ) پێک دێت، جاری وا هەیە پیتی (و) تێیدا نەبزوێنە وەک:
وێرانە: کە بریتییە لە پیتەکانی: (و، ێ، ر، ا، ن، ە)
جاری واش هەیە پێکەوە بزوێنێک پێک دێنن کە ئەمەیان مەبەستی ئێمەیە، وەک:
خوێ: کە بریتییە لە دەنگەکانی: (خ، وێ)

2- پیتی (ی) جارێک نەبزوێنە وەک لە وشەی: یاران
جارێک بزوێنە وەک لە وشەی: میران
جاری واش هەیە لە وشەیەکدا دووبارە دەبێتەوە جارێک وەک نەبزوێن و جارێک وەک بزوێن، وەک لە وشەی: یاری
چۆنی لێک جیا دەکەینەوە؟
ئەگەر تەماشای وشەی (یاری) بکەین دەبینین لە دوو بڕگەی (یا) و (ری) پێک هاتووە، جا لەبەر ئەوەی لە بڕگەی یەکەمدا لەگەڵ بزوێنێک هاتووە کەواتە بە خۆی نەبزوێنە، چونکە لە بڕگەیەکدا تەنیا یەک بزوێن هەیە، هەروەها لە بڕگەی (ری) چونکە لەگەڵ نەبزوێنێکدا هاتووە کەواتە بە خۆی بزوێنە.

3- ئەم گرفتەمان بە هەمان شێوە لەگەڵ پیتی (و)دا هەیە. پیتی (و) جارێک نەبزوێنە وەک لە وشەی: (چاو)دا، چونکە لیرەدا بزوێنی (ا)مان هەیە.
جارێک بزوێنە وەک لە وشەی: (گوڵ)دا
جاری واش هەیە هەردووکیان وەک: وێرگوڵ
وشەی وێرگوڵ لە دوو بڕگەی (وێر) و (گوڵ) پێک هاتووە، لە بڕگەی یەکەمدا پیتی (و) نەبزوێنە چونکە بزوینی (ێ) ی تێدایە، لە بڕگەی دووەمدا بزوێنە چونکە لەگەڵ دوو دانە نەبزوێندا هاتووە.
لە ڕاستیدا لە کاتی نووسین ئەمانە هیچ گرفتێکمان بۆ پەیدا ناکەن، چونکە ئێمە کە دەنووسین بیر لەوە ناکەینەوە کە ئایا پیتەکانی (ی، و) بزوێنن یان نەبزوێن.

4- کێشەی گەورە لەوەدایە کە ئێمە بزوێنێکی کورتمان هەیە هیچ هێما(پیت)یکی بۆ دانەنراوە، ئەویش پێی دەڵێن بزوێنی بزرۆک، واتە لە ناو نووسیندا بزر بووە، ئەوەی زمانی کوردی بە منداڵان بڵێتەوە هەست بەو گرفتە دەکات، دەبینی منداڵان لە جیاتی ئەوەی (بۆ نموونە) وشەی مل بەم شێویە بنووسن (مل) کەچی زۆربەیان وای دەنووسن (مەل)، چونکە ئەوان هەست بەوە دەکەین لەو نێوانەدا دەبێت بزوێنێک هەبێت، ئەمەش ڕاستە، تۆ دەبینی کە ئێمە (مل) بە لاتینی بنووسین ئاوای دەنووسین:
mil
لێرەدا بزوێنەکە ئاشکرا دەبێت، لە ڕاستیشدا وشەی مل کە بریتییە لە یەک بڕگە نابێت بێ بزوێن بێت.

5– هەندێک دەڵێن کە ئێمە کێشەمان لەگەڵ پیتی (وو) هەیە کە (و) یەکی درێژە و پیتێکی تایبەتیمان بۆی نییە، ئەمە بە هیچ شێوەیەک نابێتە کێشە، چونکە لە زۆر زماندا جووت پیت بۆ دەنگێکی جیاواز هەیە، هەروەها دەنگی وا هەیە بە دوو پیت یان زیاتر دەردەبڕدرێت، بۆ نموونە دەنگەکانی (خ) و (ش) لە زمانی سوێدیدا گەورەترین کێشەیان بۆ ئەو زمانە دروست کردووە و بە چەندین شێوەی جیاواز دەنووسرین و هەر جارە و بە دوو پیت یان سێ پیتی جیاواز. هەر بۆیە من دانانی هەردوو پیتی (و) و (ێ) و نووسینیان بە یەکەوە وەک بزوێنێک، ئەویش بە گرفت نازانم.

بەدەر لەمانە من پێم وایە کورد چاکتر و زیرەکانەتر لە میللەتانی دیکە کە بە ئەلفبێی ئارامی ـ فینیقی دەنووسن، ئەو ئەلفبێیەی بۆ نووسینی زمانی کوردی گونجاندووە. یەکێک لە خەسلەتە هەرە باشەکانی ئەو گونجاندنە ئەوەیە کە وشەکان چۆن دەگوترێن ئاواش دەنووسرێن، ئەم تایبەتمەندییە لە کەم زماندا هەیە. من دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم ئەلفبێی کوردی بۆ نووسینی زمانانی دیکەش لە ئەلفبێ لاتینییەکە گونجاوترە، بۆ نموونە سوێدی (کە دەقاودەق وەک کوردی 9 بزوێنی هاوچەشنی بزوێنەکانی ئێمەیان هەیە)، خۆ هەر هیچ نەبێت کێشەکانی دنگی (خ،ش) لە کۆڵیان دەکاتەوە.

کەواتە لە سەرجەم کێشەکانی نووسین بە ئەلفبێی کوردی تەنیا یەک کێشەی بە پەلەمان هەیە ئەویش دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ بزوێنی کورتی بزرۆک.

هەندێک پێیان وایە لەبەر ئەوەی زمانی کوردی سەر بە گرۆی زمانە هیندوئێرانییەکانە و ئەمیشیان لە کۆمەڵەی زمانانی هیندۆئەورووپییە کەواتە پیتی لاتینی گونجاوترە بۆ نووسینی زمانی کوردی. لە ڕاستیدا ئەمە وا نییە، چونکە پیت پەیوەندیی بە زمانەوە نییە، پیت تەنێ هێمایەکە بۆ دەربڕینی دەنگێک و هیچی تر، هەر بۆیەش پێشتر گوتم دەکرێت سوێدی بە پیتی کوردی بنووسرێت، چونکە پیتەکانی زمانی کوردی بە ئاسانی ئەو دەنگانە دەردەبڕن کە لە زمانی سوێدیدا هەن، بەڵام ئایا پیتە لاتینییەکان، ئەوانەی ئەمڕۆ بەشێک لە کوردەکان بەکاریان دەهێنن دەتوانن دەربڕی هەموو دەنگەکانی زمانی کوردی بن؟

ئەمڕۆکە ئەو ئەلفبێیە لاتینییەی کوردەکانی باکوور بەکاری دەهێنن بریتییە لە 31 پیت،کە ئەمانەن:

A, B, C, Ç, D, E, Ê, F, G, H, I, Î, J, K, L, M, N, O, Q, P, R, S, Ş,T, U, Û,V, W, X, Y, Z

بەرامبەر بەمە ئێمە لە ئەلفبێی کوردیدا 35 پیتمان هەیە، ئەگەر ئەوەشی بخەینە سەر کە دوو پیتی (و،ی) دوو ڕۆڵی جیاواز دەبینن و هەروەها پێویستمان بە پیتێکی دیکەشە وەک هێمایەک بۆ بزوێنی بزرۆک هەنگین ژمارەی پیتەکان دەگەنە 38، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئێمە لە ئەلفبیی لاتینیدا پێویستمان بە هەمزەی سەر کورسی نابێت بۆیە ژمارەی پیتەکان دەبێتە 37 پیت. واتە لیرەدا شەش دەنک بە بێ هێما دەمێننەوە، ئەویش ئەم دەنگانەن: (ح، ڕ، ع، غ، ڵ)، ئەمە جگە لە بزوێنی (وێ) کە لە کرمانجیی سەروودا نییە.

**تا ئێستا ئەم گرفتانە چۆن چارەسەر کراون؟**

1– تا ئێستاش کە بە لاتینی دەنووسرێت لە جیاتی پیتی (ح) پیتی (هـ) بەکار هێنراوە، واتە:
حەلاو دەبێتە هەلاو

مزراح دەبێتە مزراھـ
تەسبیح دەبێتە تەسبیھـ
وەحە دەبێتە وەھە

2- لە جیاتی بیتی (ڕ) کە لە کرمانجیی سەروودا ئەم دەنگە نییە، دوو دانە (ر) دەنووسن بەم شێوەیە رر

3- لە جیاتی پیتی (ڵ)کە لە کرمانجیی سەروودا ئەم دەنگە نییە، دوو دانە (ل) دەنووسن بەم شێوەیە ل ل
کەچی کاتێک باس دێتە سەر ئەلفبێی کوردی دەڵێن: چۆن دەبێت لە جیاتیی واوی درێژ دوو دانە واوی کورت بنووسرێت.

4- پیتی (ع) هەر بە جارێک نییە و پێیان وایە ئەم دەنگە لە زمانی عەرەبییەوە پەڕیوەتە ناو زمانی کوردی، بەڵام چی لە هەموو ئەو وشانە دەکەیت کە دەنگی (ع)یان تێدایە و ئەمڕۆکە لە ناو زمانی کوردیدا خۆیان جێگیر کردووە؟ باشە ئەمەیان چۆن چارەسەر کراوە؟

عەلعەلۆک، کراوە بە ئەلئەلۆک
عەلی، کراوە بە ئەلی
عوسمان، کراوە بە ئوسمان

5- لە جیاتی پیتی (غ) هیچ پیتێک دانەنراوە و ئەوان پێیان وایە کە ئەم دەنگە نزیکی دەنگی (خ)یە بۆیە پیتی (خ) جێی هەردوو پیتانی گرتووەتەوە.

6- پیتی بزوێنی (وێ) کە لە کرمانجیی سەروودا ئەم دەنگە نییە، هیچ هێمایەکی تایبەتی بۆ دانەنراوە، واتە هەر وەک چۆن لە ئەلفبێی کوردیدا ئەو دەنگە بە دوو پیت دەنووسرێت لە لاتینیشدا هەر بە دوو پیت دەنووسرێت.

بەم شێوەیە دەبینین کە گرفتەکانی نووسین بە ئەلفبێی کوردی زۆر کەمترن لە گرفتەکانی نووسین بە ئەلفبێی لاتینی، بە لای کەمەوە هێندەی پەیوەندیی بە کرمانجیی خوارووەوە هەبێت، ئەوجا من نازانم هۆی چییە کە وا دەکات لە هەندێ کەس بانگەشەی ئەوە بکەن کە واز بێنین لەو پیتانەی هەزار ساڵێکە پێیان دەنووسین و ئەلفبێیەک هەڵبژێرین کێشەکانی لە هی ئەلفبێی کوردی زیاترن ؟

ماویەتی
سوێد
15-08-2007

* دەگێڕنەوە لە دەورانی عوسمانییەکاندا جارێکیان موفتیی ئەنقەرە سەردانی موفتیی شام دەکات، وەرز زستان دەبێت و بە دیار ئاگرەوە دادەنیشن، دوای ماوەیەک بێدەنگی موفتیی شام دەڵێت:
**- النار فاكهة الشتاء** (ئاگر میوەی زستانە)
موفتیی ئەنقەرەش دەڵێت:
**- صدق الله العظيم.**

موفتیی شام سەری سوڕ دەمێنێت، بەڵام قسە ناکات. دوای ماوەیەک موفتیی ئەستەنبووڵیش سەردانی موفتیی شام دەکات، ئەمیش چیرۆکەکەی موفتیی ئەنقەرەی بۆ دەگێڕێتەوە. موفتیی ئەستەنبووڵ دەڵێت:

**- لێی مەگرە، ئەوە تا ئێستا قورئان و حەدیس لە یەک جیا ناکاتەوە.**